# مێژووی فەلسەفە

## رانانی: هاشم ئەمین

کتێبی مێژووی فەلسەفە کتێبێکی ناوازەی بواری فەلسەفەیەو بە زمانی شیرینی کوردی ئێستا لە بازاردایەو، لە نوسینی (برایان ماگی) یەو عوسمان حەمە رەشید گورون لە سویدییەوە وەریگێڕاوە، بە قەبارەی (٤٣٠) لاپەڕە و یەکێکە لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ك).

فەلسەفە بوارێکە رەنگە ژمارەیەکی کەمی خوێندەوار بە مانای کەلیمە خۆیان لە قەرەی بدەن، تەنانەت نەك لە نوسینی یان وەرگێڕانی بابەتێکی فەلسەفی، بەڵکو لە خوێندنەوەشی، ئەگەرچی پێناسەی زۆر سادە بۆ فەلسەفە کراوە، بەڵام ئەوەی لە فەلسەفەدا زیاتر گرنگە بوونی ناوەڕۆکەو زانینی مێژووی فەلسەفەیە لە گریکەکانەوە تا بیرمەندە نوێخواز و هاوچەرخەکان، چونکە فەیلەسوفەکان هەوڵدەدەن بزانن تا چ رادەیەك دەتوانن تەنیا پشت بە عەقل ببەستن، یان پرسیار دەربارەی زانیاری و شارەزایی مرۆڤ و سروشتی زانست دەکەن، وەك نوسەر دەڵێ لە سادەترین شێوەی بنەرەتی فەلسەفەدا، فەلسەفەوا گەشەی کردووە، کە دوو پرسیارەی سەرەکی ناوەڕۆکەکەی پێکدێت یەکەمیان ئایا سروشت هەموو شتێ کە بوونی هەیە چیە؟، دووەمیان ئایا ئێمە چۆن دەتوانین زانیاری بەدەستبهێنین؟ ئەوا ئەگەر ئێستا، ئێمە بزانین زانیاری بوونی هەیە، سروشتی ئەم بوونە چییە؟ ئەو لقەی فەلسەفە پێکدێنێ بە ئۆنتۆلۆژی ناودەبرێت.

کتێبەکەی برایان ماگی هەوڵێکە بۆ روونکردنەوەی سەرەتاکانی فەلسەفە و سەرەتا مێژوویەکەی، کە لە یۆنانەوە دەستپێدەکات و، دەرخستنی بۆچوونە فەلسەفیەکان و شیکردنەوەیان و خستنەڕووی بیروڕای فەیلەسوفەکان.

سەرەتای کتێبەکە بە رێگای بەرەو فەلسەفە دەستپێدەکات و هەوڵدەدات فەلسەفەمان پێبناسێنێت، وەك لە سەرەتاوە ئاماژە بەوە دەکات کە فەلسەفە خستنەبەر پرسیاری ئەو بنەمایانەی ئێمە بە سادەو ئاسانیان دادەنێین"، لەبەرئەوە تێگەیشتن لە فەلسەفە هەروا کارێکی ئاسان نییەو، سەرەتا دەبێت هەوڵی ئەوە بدەین، کە بزانین بنەما سەرەتاییەکانی فەلسەفە چییە؟، وەك نووسەر دەڵێ" دەشێت هیچ کاتێك وەڵامی پرسیارە گرنگەکانمان چنگ نەکەوێت، بەڵام ئەوە شتێك نیە کە لە سەرەتاوە، یان پێشوەخت بیزانین، بۆیە پێویستمان بە کارکردنە لەسەر هەموو ئەو گرفتانەی سەرنجمان رادەکێشن، ئەگەر بە چاکی گەیشتینە ئەو باوەڕەی کە ناگەینە هیچ وەڵامێك بۆ پرسیارێکی دیاریکراو، ئەبێ خۆمان لەگەڵ ئەو حاڵەدا بگونجێنین. وەك هەموو دەرەنجامێکی تری فەلسەفی".

ئێمە ئامادەنین، هەر بە مەزندەکردن، یان بیرورایەك، یان هەر لەبەرئەوەی بە هەستی خۆمان پێمانوایە دەستبەرداری ئەو پرسیارانە بین، ئێمە ئەمانەوێ بزانین بۆچی ئەبێ بروا بکەین، کە ئەوە حەقیقەتە".

ئێمە هەمیشە گێڕانەوەی سەرەتای فەلسەفە دەگێڕینەوە بۆ گریکەکان، بەڵام بەپێی لێکدانەوەکان لەم کتێبەدا، فەلسەفە لەو کاتەوە دەستپێدەکات، کە مرۆڤ دەیەوێت، لە دنیا تێبگات، نەك بەهۆی بیروڕای باوەوە، بەڵکو بە پشتبەستن بە بەکارهێنانی عەقڵ، بەگشتی بیروڕا وایە کە یەکەمجار لەناو گریکە دێرینەکاندا روویدابێت، لەساڵانی ٥٠٠ و ٤٠٠ و ٣٠٠ی پێش زاین.




سوقرات وەکو مامۆستای پرسیارەکان لە فەلسەفەدا دادەنرێت، بەڵام پێش سوقرات فەلسەفەی واقیعی باسی لێوەکراوە، چونکە" هەرە دێرینترین فەیلەسوفەکانی رۆژئاوا، ئەوانەی پێش سوقرات تیۆری مەزنیان دەربارەی جیهان هێنایە ئاراوە، هەرچەندە هەندێکیان هەڵە و نەگونجاون، بەڵام هەندێکیان ئەوەندە وردو قوڵن، کە کاریگەریان لە سەردەمی ئێستای ئێمەشدا بەردەوامە". بەپێی ئەم کتێبە یەکەمین رۆشنفکرەکان لە یۆنانی کۆن لە ساڵانی ٥٠٠پ.ز سەریهەڵداوە، تالیس بە هەرە یەکەمیان دادەنرێت، تالیس قوتابیەکی هەبوو ناوی ئەناکسیماندەر بوو، ئەم ساڵی ٦١٥ پ.ز لەشاری میلینۆس لەدایك بووە و تا دەوروبەری ٥٤٦پ.ز، ژیاوە، بەلای ئەمەوە ئەگەر تالیس راستدەکات زەوی لەسەر دەریا راوەستاوە، ئەوا دەبێت دەریاش لەسەر شتێکی تر راوەستابێت و .....هتد. لێرەدا تۆشی گێژاوێکی بێکۆتایی دەبین، بەڵام ئەناکسیماندەر ئەم گرفتەی نەهێشتووە، کە زەوی تەنێکی تەنیایەو لە فەزادا راوەستاوە و بەهۆی نەگۆڕی دووریەوە لە تەنەکانی ترەوە بۆخۆی بەبێ هیچ هەڵگرێك راوەستاوە".

یەکێکی تر لە فەیلەسوفە بەناوبانگەکانی تر میلیسیەکان

هیراکلیتوسە پێیوایە"هیچ شتێ لەم جیهانەی ئێمەدا بوونێکی سادەو نەگۆری نییە، هەموو شتێ بەردەوام لە گۆڕاندایە، هەموو شتەکان بەشێوەی جۆراوجۆر دروستدەبن و هەرگیز لە دوو چرکەی یەك بەدوای یەکدا لەیەکناچن، تا ئەوکاتەی بوونیان نامێنێ، جگە لەمەش دوو وتەی هیراکلیتۆس تا ئێستاش وەك نموونە باسدەکرێت، یەکەم ئەوەیە کە هۆکارە شاراوەکان لە ئاشکراکان بەهێزترن، دووەمیشیان ئەوەیە (مرۆڤ ناتوانێت دووجار لەئاوی هەمان رووباردا مەلە بکات)ئەوەی کە لەم کتێبەدا زۆر گرنگە و دەتوانین سودی لێوەربگرین ئەوەیە کە نووسەر هاتووە بەپێی مێژوو سەدە، فەیلەسوفەکان و تێڕوانینە فەلسەفیەکانی فەیلەسوف و بیرمەندانی ریزکردووە و باسی بیرو بۆچونەکانیانی کردووە، بەهەرحاڵ سەردەمی پێش سوقرات هیچ کتێبێکی یان نوسراوێکی بەتەواوی نییە، ئەوەی هەیە پچڕ پچڕ یان لە دوو توێی نوسینی کەسانی ترەوە بەدەستهاتوون، یەکەم کەس کە کتێبی بەتەواوی بە زمانی رەسەنی خۆی مابێتەوە پلاتۆیە، بەلام ئەوەی کە هەیە سۆفیستیەکان کە ئەو مامۆستا پرۆفیشنالانە بوون کە ماوەیەکی کەم بەر لە هاتنی سوقرات پەیدابوون و گەنجانیان فێری لایەنە پراکتیکیەکانی ژیانی ئەو سەردەمانە دەکرد، بەتایبەتی هونەری وتاربێژی...

لەم کتێبەدا باسی ژیان و مردنی سوقرات کراوە و هەندێ لە لایەنەکانی ژیانی خراوەتەروو، کە بە یەکەم کەلە فەیلەسوفی یۆنان دادەنرێت و لە سەردەمی زێرینی یۆناندا ژیاوە. سوقرات کە بە مامۆستای پرسیارەکان ناسراوە، "بە دامەزرێنەری فەلسەفەی ئاکاریش دادەنرێت، هەروەها خاوەنی ئەو رێبازەیە کە بەرپرسیاری بەردەوام بۆ گەیشتن بە راستەقینە هەوڵدەدات".

لەپشت هەموو ئەو وتەزاو وشانەی کە سوقرات دەیوت، کۆمەڵێك ماناو لێکدانەوە بۆ قسەکانی هەبووە، بۆ نمونە کاتێك سوقرات پرسیاریدەکرد ئایا دادپەروەری چییە؟ ئەم تەنیا عەودالی پێناسەیەکی وشەسازی روون نەبوو،.... ئەم پێیوابوو بە شێوەیەك لە شێوەکان دادپەروەری بوونی نییە، ئەگەرچی بوونێکی ماتریالیشی نەبێت". سوقرات یەکەم کەس بوو لە سەرجەم فەیلەسوفەکاندا کە کاریگەرێتی زیاتر بووە، لە هێنانەپێشەوەی مەسەلەی کەسایەتی تاك، سوقرات هەمیشە دەیوت"ئەگەر تۆ پەیرەوی ئامۆژگاری من دەکەیت، ئەوەندە بایەخ بە سوقرات مەدە، بەڵکو زیادترین بایەخ بە حەقیقەت بدە".

بەشێکی دیکە لە مێژووی فەلسەفە لەسەر (پلاتۆ)یە واتە ئەفلاتون، زوکو نووسەر ئاماژەی پێدەکات کە وتەیەکی بەناوبانگی هەیە کە گوایا هەرچی فەلسەفەی رۆژئاوایی هەیە تەنها پەراوێز نوسینە بۆ نوسینەکانی پلاتۆ، چونکە نوسینەکانی ئەوەندە بەربلاون کە هەموو لایەنەکانی گرتوەتەوە" بۆیە ئەفلاتون بە پردێك لەنێوان مرۆڤ و جیهانی ئەبستراستدا دادەنرێت.

پلاتۆ بە یەکەمین مامۆستای ئەکادیمی دادەنرێت و دوای خۆی چەندین کتێبی بەجێهێشتووە کە بەناوبانگترینیان (کۆمار)ە، کە لێکۆڵینەوەیە دەربارەی سروشتی خۆشەویستی، هەرچەندە باس لەوەدەکرێت کە کۆمار لە سەرەتادا گەرانە بەدوای واتای دادپەروەریدا، دواتر روویکردوەتە لێکۆڵینەوەی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، هەروەها زۆربەی پرسە فەلسەفیەکانی ئەو سەردەمانەشی گرتوەتە خۆی و پلانێکیشی تێدا دارێژراوە بۆ دەوڵەتی نمونەیی، لەبەر هەموو ئەم هۆیانە دیالۆگی کۆمار بە مەزنترین شاکاری پلاتۆ دادەنرێت، بۆیە بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە فەلسەفەی سەردەمی کامڵبوونی پلاتۆمان بۆ رووندەبێتەوە".

بەپێی ئەو ریزبەندییەی لە کتێبی مێژووی فەلسەفەدا هاتووە، دوای پلاتۆ ئاماژە بە ئەرستۆتالیس کراوە، کە ئەرستۆ بە بناغەدانەری زانستە سروشتیەکانی داناوە و، فۆرمەکانی لۆژیکی دۆزیوەتەوە.

لەم بەشەدا باسی ژیانی ئەرستۆ و بۆچوونەکانی کراوە و هەریەکەیان خۆیان بە قوتابی ئەوەی پێش خۆی زانیوە، ئەرستۆ لە وتەیەکدا دەڵێ " پلاتۆم زۆر خۆشدەوێت، بەلام حەقیقەتم خۆشتردەوێت".

هەرچەندە ئەفلاتون و ئەرستۆ دوو جیهانی جیاوازی فەلسەفەیان هەبوو، بەلام پلاتۆ بە پەنجە هێما بۆ جیهانێکی بالاتر دەکات و ئەرستۆش بە پێچەوانەوە دەڵێت دەبێت بیرمان لای ئەم جیهانەی خۆمان بێت.

باس و خواس لەسەر بیروڕای فەیلەسوفەکانی یۆنان کۆتایی نایەت، بەلام ئەوەندە هەیە کە ئەرستۆ هەروەك سوقرات لەلایەن خەڵکی ئەسیناوە بە گومرا تاوانبارکراوە، بۆ ئەوەی جارێکی تریش بە کوشتنی ئەم دەستدرێژی نەکرێتە سەر فەلسەفە ئەرستۆ لە ساڵی ٣٢٣ پ.ز ئەسینا جێدەهێڵێت و دەروات بۆ کالیکس لەوێ دوای ساڵێك مردووە".

برایانی ماگی لە گێڕانەوەی مێژووی فەلسەفە بەردەوام دەبێت و دواتر دێتەسەر سپێنیزم و بیروراکانی دواتر باس لە سەردەمی مەسیحیەت و فەلسەفە دەکات، تا دەگاتە ئۆگۆستینۆس، دواتریش دەگاتە سەرەتای زانستی مۆدێرن و ئاماژە بە گالیلۆ دەکات و دێتە سەر باسی کۆپەر نیکۆس تا نیوتن.

دواتریش دێتە سەر باسی ماکیاڤیلی کە بە کتێبی (میر) بەناوبانگە، ماکیاڤیلی یەکەم کەس بووە کە بە شێوەیەکی بابەتیانە و بەو شێوازەی ئێستا ئێمە بە زانستی ناوی دەبەین، لێکۆڵینەوەی دەربارەی پۆلەتیك و ستاتیك، بەو جۆرەی کە لە پراکتیکدا پەیرەو دەکرێ کردووە".

دوای ئەمیش ئاماژە بە فرانسیس بیکۆن کراوە، کە "میتۆدێکی نوێ بۆ زانستی نوێ" ئاماژەی پێدەکرێت.

پاشان ئاماژە بە هۆبز دەکات کە بە یەکەم ماتریالیستی مۆدێرن دادەنرێ، دواتریش دێتە سەر باسی راسیۆنالیستە مەزنەکان، کە بە دیکارت دەستپێدەکات ، جگە لەمیش ئاماژە بە سپێنوزا دەکات کە پێی وایە "هەموو شتێك یەك شتە، یەکپارچەیش خواییە".

لە بەشێکی تری ئەم کتێبەدا ئاماژە بە جۆن لۆك کراوە وەك لیبراڵە مەزنەکەکراوە، (بارکلی)یش وەك ئەزمونگەرێکی بەردەوام، هیوم گومانکەرێکی نوێکراوە، بیورك ناوە گەورەکەی نێو کۆنزەرڤاتیزم،ڤۆلتێر بیرمەندە شۆرشگێرە فەلسەفیەکەیە، دیدرۆ نووسەری ئینسکلۆپیدیا، رۆسۆ رەخنەگری شارستانیەت، کانت سەردەمی زێرینی فەلسەفەی ئەڵمانی، یەکگرتنی عەقڵگەرایی و ئەزمونگەرایی، شۆپینهاوەر گرێدانی فەلسەفەی رۆژئاوا بە فەلسەفەی رۆژهەلات، فیغتە بوون یەکسانە بە هەڵسوکەوت، شیلینگ فەیلەسوفی سروشت، هیگڵ داهێنەری چەمکی رەها، مارکس هەوڵدانێك بۆ کردنی مێژوو بە زانست، نیتشە جورئەت بکە ببیت بەوەی کە هەیت، جۆن ستیوارت میل و بینتهام ئەزمونگەرییەکان بایەخ بە مۆراڵ و پۆلەتیك دەدەن، هەریەك لە جۆن دیوی، ساندیرس پیرس، ولیەم جەیمس پراگماتیکیە ئەمریکیەکان مەعریفە وەك شێوازێکی لە کردەی پراکتیکی.

دواتر کتێبەکە دێتە سەر فەلسەفەی سەدەی بیستەم و ئاماژە بە بیرمەندانی وەك (فرێگە، رەسڵ) ڤیتگنشتاین، کارل پۆپەر، بیرگیسۆن...) دواجاریش دێتە سەر پاشەرۆژی فەلسەفە، کە لە بەشێکیدا ئاماژە بەوە دەکات بۆ فەلسەفە لە کۆمەڵگەی داهاتوو هیوای باشی هەیە، بەلام فەلسەفە وەك میوزیك وایە، بواری پراکتیکی زۆر جۆراوجۆری هەیە و لە هیچ یەکێکیاندا خاوەنی پلەو بایەخی هەرە بەرز نییە، بەڵکو بایەخی خۆی لە خۆیدایە،.... هیچ وەلامێك کت و مت نییە، بەلام لە رادەبەدەر زۆر شت هەیە بۆ فێربوون".